


ئسماعیل خورماڵی

لەو ڕۆژەوەی کە جێت هێشتووم
ئاگر سەرو دڵی گرتووم ،
نە بزەیەک بە لێوما دێ و
نە چرایەک
نە نەختێ نوور  بە ماڵما دێ
کە تۆ ڕۆشتی وەکو پایز
ئێوارەی زەرد هەڵیگرتم
گەڵا ڕێزان کەوتە چۆپی و
خەمی فیراق
بە ئەسیری حوزنی بردم
کە تۆ ڕۆشتی ئەی بێ وەفا
هەمووشتێ لەمن گۆڕا
لە پێ دەشتی  ئاهەنگمەوە
هەتا خەیاڵ ئەویش گۆڕا !
ئیتر دەبێ لەدووای کۆچت
مەلی بزەم چۆن هەڵفڕێ
لەنێو بەفری یادە گەرمەکانتا
جەفا ، وەفا ..چۆن هەڵگرێ !
من تێناگەم تۆ چۆن تووانیت بە جێم بێڵی

لەناو ژەهری فیراقا وا بەجێم بێڵی
هەتائێستاش کە دەمبینی فەرامۆشم ،
دووره چاوی مەستانەتە هەر پەرۆشم
بەڵێ ئەی یار فەرامۆشم تا دڵ حەز کا
من عەوالی هەوالێکم
تا دڵ حەز کا
بە مردنیش لەبیری من دەرناچی تۆ
هەڵۆ ش بی خۆ
لەمن نارۆی
هەڵنافڕی تۆ !!

2005/ئەڵمانیا